

# خۆشەویستی و عەلمانیەت لە خۆرئاوا

## گفتوگۆ لەگەڵ لوك فێری

سازدانی: ڕۆبێر سوێڵ

وەرگێڕانی: ڕێباز ئەحمەد

(لـوک فێـری[1]) فەیلەسـوفی فەرەنسـی ئـەم گفتوگۆیـەی لـە دوای دەرکردنـی دوا کتێبـی بـە نـاوی (شۆڕشـی خۆشەویسـتی) دا سـازکردووە و لـە ڕۆژنامـەی (لۆمۆنـد)ی فەرەنسـیدا بڵاوکراوەتـەوە.

***دوا کتێبـت ناونیشـانێکی چاوەڕواننەکـراو هەڵدەگرێـت: «شۆڕشـی خۆشەویسـتی»، یـان باشـترە بڵێیـن بـەلای ئـەو کەسـانەوە کـە سـەیری بەرهەمەکانـت دەکـەن، زۆر چـاوەڕوان نەکراویـش نییـە، بەتایبەـت کـە سـاڵی 2007 کتێبـی «خۆشـمەدوێن ئـەی خێزانـەکان»ت بڵاوبـووەوە. بـەلای تـۆوە، لەمـڕۆدا خۆشەویسـتی تەنیـا ژیانـی سـۆزداریمان نابوژێنێتـەوە، بەڵکـو تەنانـەت ژیانـی فکـری و سیاسیشـمان دەجوڵێنێـت. ئایـا هیومانیزمـی خۆشەویسـتی شـوێنی هیومانیزمـی ڕۆشـنگەری گرتۆتـەوە؟**

-خۆشەویسـتی بـەردەوام هەبـووە، بـە جۆرێـك كـە داهێنانـی هاوسـەرگیریی بـە خۆشەویسـتی لەسـەر ئاسـتی كۆمەڵگـە لـە هـەردوو سـەدەی ڕابـردوودا لە ئەوروپا گەورەتریـن ڕووداو بـووە. هاوسـەرگیری لـە ڕێگـەی خۆشەویسـتییەوە چییـە؟ ئـەو هاوسـەرگیرییەیە کـە ڕۆڵـەکان خۆیـان هەڵیدەبژێـرن نـەك ئـەوەی گونـد، یـان دایـك و بـاوك بەسـەریاندا دەسـەپێنن. ئەنجامـی ڕزگاربوونـی تاكەكەسـە لـە دەسـتەڵاتی گونـد، كـە ئەویـش ئەنجامێكـی لۆژیكیـی شـێوازی كاركردنـە بەرامبـەر كـرێ. ئـای كـە سـەیرە... ئـەم دووركەوتنەوەیـە لـە گونـد ڕێگـەی خۆشـكرد بـۆ دەركەوتنـی عەلمانیـەت لـە ئەوروپـا، هەروەهـا دووركەوتنـەوە لـە بارگرانـی كۆمەڵایەتییانـەی ئایینـەكان. عەلمانیـەت لـە فەرەنسـادا لـە مێـژووی ئاراسـتە فكرییەكانـەوە لەدایكنەبـووە، بەڵكـو لـە مێـژووی خێزانـی مۆدێـرن و كاری كرێـوە بـووە. تاكەكـەس بەهـۆی دابڕانـی لـە گوندەكـەی مەودایەكـی خسـتۆتە نێـوان خـۆی و كاهینـەوە.

***لـە ئەنجامـی هەمـوو ئەمانـەوە دەڵێیـت لەمـڕۆدا هیـچ كەسـێك ئامـادەی مـردن نییـە لەپێنـاو خـودا، یـان نیشـتمان، یـان بیروبـاوەڕەكان. كەچـی تاكـە كـەس هیـچ دوو دڵ نییـە لـە پێشكەشـكردنی هەمـوو قوربانیدانێـك لەپێنـاوی كەسـە نزیكەكانـی و ڕۆڵەكانـی؟**

- یەكێـك لـە ئەنجامەكانـی ئـەو هاوسـەرگیرییەی كـە باسـمكرد، خۆشەویسـتییەكە بـۆ ڕۆڵـەكان، كـە لـە هەمـوو مێـژووی مرۆڤایەتیـدا نموونـەی نەبـووە. لـە سـەدەكانی ناوەڕاسـتدا مردنـی منـداڵ لـە مردنـی بەرازێـك یـان ئەسـپێك بایەخـی كەمتـر بـووە، ڕسـتەیەكی مۆنتانـی بیرمەنـد دێنمـەوە یـاد، كـە لـە نامەیەكـدا بـۆ یەكێـك لـە هاوڕێكانـی نوسـیویەتی و دەڵێـت «هـاوڕێ ئازیزەكـەم، دوو یـان سـێ كـورت لەدەسـتداون، كـە لـە قۆناغـی شـیرە خۆریـدا بـوون، «بـەڵام هەرگیـز ئـەم خۆشەویسـتییە بـۆ كەسـە نزیكـەكان، نەبۆتـە هـۆی دروسـتبوونی تاكگەرایـی و پشـت بەخۆبەسـتن، بەڵكـو بـە پێچەوانـەوە ئەنجامەكـەی بریتیبـووە لـە كرانـەوە بـە ڕووی هاوبەشـێك و سیاسـییەكدا. ئـەوەی لەمـڕۆدا ڕوودەدات شـتێكە، كـە شـیاوی گرنگپێدانـە: ئێمـە لەنـاو، خاوێنكردنـەوەی هەمـوو ڕووەكانـی موقەدەس و ئەو مانایانـەی لێـی دەكەونـەوە دەژیـن. موقـەدەس بریتـی نیـە لـەوەی ئایینیـە لەبەرامبـەر ئـەوەدا كـە دنیاییـە، بەڵكـو ئـەو بەهایـە دەبێتـە موقـەدەس كـە دەكرێـت قوربانـی بـدەم لەپێناویـدا، ژیانـی خۆمـی لـە پێنـاودا بەختبكـەم. لـە مێـژووی ئەوروپـادا سـێ جـۆر موقەدەسـی بەكۆمـەڵ دەبینرێـت: مـردن لەپێنـاوی خـودا و ئـەوەش واتـە جەنگـە ئایینیـەكان (وەك سـانت بارتیلمی و ئەوانـی تـر)، هەروەهـا مـردن لەپێنـاو نیشـتمان ( 35 ملیـۆن كـوژراو لـە جەنگـی دووەمـی جیهانـی)، سێیەمیشـیان لەپێنـاو شـۆڕش (كۆمۆنیـزم نزیكـەی 120 ملیـۆن قوربانـی لـە تـەواوی جیهانـدا جێهێشـت). خاوێنكردنـەوەی ئـەم سـێ ڕووە لەژێـر كاریگەریـی مێـژووی وێرانـكاری سـەدەی بیسـتدا تـەواو بـووە.



**کاتێك بەڕاستی کەسێکت خۆشدەوێت، جا چ خۆشەویستییەکی عاشقانە بێت یان خۆشەویستیی باوکایەتی، ئەوە تۆ لەو خۆشەویستییەدا لە ئەزموونی بەموقەدەسکردنی ئەویتردا دەژیت، ئەویتر دەبێتە موقەدەسێك**

***لە تێڕوانینی تۆدا خودا بوونی نییە، بەڵام بەرگریش لە بیرۆکەی ترانسندێنتاڵ دەکەیت. ئەو ترانسندێنتاڵە چییە کە پێویستی بە خودا نییە؟**

- کاتێك بەڕاستی کەسێکت خۆشدەوێت، جا چ خۆشەویستییەکی عاشقانە بێت یان خۆشەویستیی باوکایەتی، ئەوە تۆ لەو خۆشەویستییەدا لە ئەزموونی بەموقەدەسکردنی ئەویتردا دەژیت، ئەویتر دەبێتە موقەدەسێك بەو واتایەی دەکرێت ژیانی خۆت لەپێناویدا بەختبکەیت ئەگەر کەوتە ژێر هەڕەشەوە. لێرەدا، تۆ ئەزموونێکی ترانسندێنتاڵ دەژیت، بەڵام لە میانەی ئاسمانی فکر یان ئایین و لە هیچ شوێنێکی تردا هەستی پێ ناکەیت، جگە لە ناخی خۆتدا نەبێت. ئەوەیە کە خوازەی «دڵ لە هەموو شوێنێك و لە هەموو زمانێکدایە». گوزارشتی لێکردووە. ئەمە ئەو شتەیە، کە من بە پشتبەستن بە هوسرێلی فەیلەسوف ناوی دەنێم «ترانسندێنتاڵی ناوەکی». ئەو ترانسندێنتاڵە بە مانایەك لە ماناکان عەلمانییە.

***ئەگەر ئێمە ژیانمان زیاتر لە هەر کاتێکی ڕابردوو لەسەر خۆشەویستی وەستاوە، هەروەها ئەگەر خودا نائامادەیە، وەك ئەوەی هەرگیز نەبووە، کەواتە بەرگەگرتنی لەدەستدانی کەسێك کە خۆشمان دەوێت سەخت و گران دەبێت.**

-بەڵێ، ئێمە زیاتر لە هەر کاتێکی ڕابردوو خۆشەویستی دەکەین. ئەمەش لایەنە کارەساتاوییەکەی دۆخی مرۆڤی هاوچەرخە. بابەتی گشتی فەلسەفەی یۆنانی ئەوە بوو، کە ژیانی چاك ئەو ژیانەیە کە مردنی پەسەند کردووە، بەسەر ترسدا سەرکەوتنی بە دەستهێناوە و توانای ئەوەی هەیە لە ئێستادا بژیت. هەروەها دانا ئەو کەسەیە کە لە مردن ناترسێت و دەتوانێت خۆی لەگەڵ بووندا بگونجێنێت. ئەوە ئەو بابەتەیە کە لەلای سپینۆزا و نیچە دووبارە کراوەتەوە. لێرەدا، یەکەم پێناسە بۆ ڕۆحانیەتی عەلمانیانە و یەکەم پێناسەی مەزن بۆ ژیانی باش کە نە پشت بە ئیمان و نە پشت بە خودا دەبەستێت، دەبینیت. دوای جەنگی تەڕوادە، یولیسیس[2] 10 ساڵی بەڕێکرد پێش ئەوەی بگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی، چونکە چاوی یەکێك لە زەبەلاحە تەنیاکانی[3] هەڵکۆڵی، ئەو کوڕی خواوەندی ترسناك بوزیدۆن[4] بوو کە هەوڵیدا یولیسیس مانای ژیانی و گەشتەکەی، لە ململانێوە بۆ جەنگ و خۆگونجاندن و ئاشتی، بۆ ئیساکا لە بیربکات. یولیسیس پێ دەنێتە دوورگەیەك کە خواوەندێکی



spinoza

ئافرەتی زۆر جوانی، بە ناوی کالیبسوو لێیە. بەخێرایی ئەو خواوەندە عاشقی دەبێت و پێیدەڵێت: ئەگەر لەگەڵم مایتەوە ئەوە گەنجێتی و نەمریت پێدەبەخشم. ئەوە بەڵێنی پێشوەختەی مەسیحیەت بوو. یولیسیس کە لە نزیکەوە مردنی بینی بوو، سەردانی دۆزەخی کردبوو، ئەم بەڵێنەی رەتکردەوە، نۆستالۆژیای بەجێهێشت و وازی لە هیوا و ئومێدی ساختە هێنا، بۆئەوەی ئێستای ژیانی بوونەوەرێکە کە مردن (لەناوچوون) هەڵبژێرێت، کە لە ژیانێکی شکستخواردووی بوونەوەرێکی نەمر باشترە. ئا ئەمەیە سەرەتای فەلسەفە.

**پەراوێزەکان:**

1-فەیلەسوفێکی فەرەنسییە، ساڵی 1952 لە دایکبووە. لە ساڵانی 2002 بۆ 2004، لە حکومەتەکەی سەرۆك وەزیران جۆن بیر رافارین، لەسەردەمی خولی دووەمی فەرمانڕەوایی ژاك شیراکدا وەزیری پەروەردە و فێرکردن بووە، فەلسەفەکەی جۆرێکە لە (سۆتێریۆلۆجی (Soteriology)، قسەکردنە لەسەر ئەوەی چۆن مرۆڤ دەتوانێت لە رێگەی بەکارهێنانی فەلسەفە و توانا خودییەکانی خۆی (ژیانێکی بەختەوەرانە) بژی و بگاتە رزگاری (Soterio) بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئایین و پشت بەستن بە هێزێکی مێتافیزیکی و سەروو سروشت.

2-یولیسیس یان ئۆدیسیوس بەپێی ئەفسانەکە پاشای مەملەکەتی ئیساکا بووە.

3- بوونەوەری ئەفسانەیین، زیاتر لە ناو ئەفسانە یۆنانی و رۆمانیەکاندا باون و ناوبانگیان هەیە و جۆرەکەیان پێی وتراوە سایکلۆپس (Cyclops) و لە رەگەزی زەبەلاحەکان، یان بە مانایەکی تر، دێوەکان، شێوەیان وەك مرۆڤە بەڵام چەند جار گەورەتر لە مرۆڤ و یەك چاویان هە یە .

4-بۆزیدۆن یان بۆسیدۆن: لە ئەفسانە یۆنانیەکاندا خواوەندی دەریا و لە پاڵ ئەمەشدا خواوەندی ئەسپەکان و بومەلەرزە و گەردەلولە دەریاییەکانیش بووە. بۆزیدۆن هاوشێوەی (نیتۆن)ـە، گەورەی خواوەندەکانی دەریا لای رۆمانییە کۆنەکان. بۆزیدۆن کوری کرۆنۆس و ریاو، برای زیۆس پاشای خواوەندەکان بوو. ژنەکەی ئەمفیتراتی خواوەندی دەریا بووە. وەچەی زۆری خستۆتەوە لە ناویاندا (ئەنیوس) ی دێو و ئەسپی سەرسوڕهێن ئاریۆن، هەروەها دێوی یەك چاو بۆلیفیمۆس، لەگەڵ تریتۆن کە زیندەوەرێك بووە نیوەی پیاو و نیوەشی ماسی بووەو پێی گوتراوە میرمان .
تووڕەبوونی بۆزیدۆن لە ئۆدیسیۆس بەهۆی ئەوەی بولیفیمۆسی کوێر کردووە، بابەتی سەرەکی قەسیدەی داستانئامێزی ئیلیادەیە.

**سەرچاوە:**


-http://www.alawan.org

-http://saraibda3.ahlamontada.net